سودانی سەردانی هەولێر دەکات و چوار پرس لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم تاوتوێ دەکات

بەیارێ لە چەند ڕۆژی داهاتوودا مەحەمەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆدەبێتەوە.

بەگوێرەی زانیارییەکان کە لەلایەن سەرچاوەکان بە میدیای پارتی گوتراوە: سەرۆکوەزیرانی عێراق و مەسرور بارزانی گفتوگۆ لەبارەی چوار تەوەر دەکەن کە بریتین لە، تاوتوێکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، بەرەوپێشبردنی پێیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەت پرسەکانی؛ سەرژمێری، بودجە و مووچە، دەستپێکردنەوەی هێناردەکردنی نەوتی کوردستان و کێشەی زۆیوزاری جووتیارانی کورد لە کەرکووک و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچەکە دوای هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا.